# پەیووەندی نێوان زمان و خەسڵەتەکانی کەسایەتی

لیــا حسن محمد زانكۆی ڕاپەڕین- كۆلێژی پەروەردە- بەشی پەروەردەی دەروونزانی
lya.hassan@uor.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بۆدەرخستنی پەیووەندی نێوان زمان و سیماکانی کەسایەتی تاک، هەروەها دڵنیای دەکاتەوە کە زمان ئامرازێکە لەئامرازەکانی پەیووەندی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەگوزارشت لەخود و تێگەیشتنی کەسانی تر، وەزمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بنیات نانی کەسایەتی تاک، لەبەرئەوەی ئامرازێکی گرنگی بنیادی زانینی و ژیری و هەڵچوونی تاکە.

ئەم توێژینەوەیە جگەلەوەی بەدوای ئەو ڕۆڵەدا دەگەڕێت کەزمان دەیگێڕێت لەبنیاد و پێکهێنان و دەستنیشان کردنی خەسڵەتەکانی کەسایەتی تاک، بەهەمان شێوە دەگەڕێت بەدوای ئەو هۆکارو بیردۆزانەشدا کە وەرگرتن و فێربوونی زمان لەلای تاک، و هەروەها پەیووەندی زمان بەلایەنی دەروونی شی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی پەیووەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان زانستی زمان و دەروونزانی زمانەوانی. وەلەلایەکی تریشەوە بەباشم زانی ئاماژە بە هەندێ لایەنی پەیووەندیدار بە خەسڵەت و کەسایەتی و بیردۆزو تایبەتمەندیەکانی بکەم، لەبەرئەوە توێژینەوەکەم بۆ دوو بەش دابەش کردووە:

بەشی یەکەم: تایبەت کراوە بە لایەنی زمانەوانی جۆراوجۆری پەیووەندیدار بە لایەنی پێکهاتەی کەسایەتی تاک.

بەشی دووەم: تایبەتکراوە بەلایەنی خەسڵەت و کەسایەتی و بیردۆزەکان و هەندێ بابەتی تری پەیووەنیدار. لەکۆتاییشدا ئەو دەرئەنجامانە خراوەتەڕوو کەتوێژینەوەکە پێی گەیشتووە.

**کلیلە وشە:** زمان، خەسڵەت، کەسایەتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 0-1- پێشەکی:

زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەژیانی مرۆڤایەتیدا و لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیشدا هیچ ئامرازێکی تر پێی ناگات لەئامرازەکانی پەیوەندی مرۆڤایەتی وەک هێما ،ئاماژەکان ،و وێنەکان ...هتد.بۆیە مرۆڤ ناسراوە بەوەی کەبوونەوەرێکی هێماییە ، واتا زمان بەکاردەهێنێت( العیاصرة:2011: 16).

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، ڕۆڵێکی باڵای لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا بینیوە، بەگرنگترین دیاردەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کەلەئەنجامی گەشەی مرۆڤایەتی بەدی هاتووە. زمان تێکەڵاو ئاڵۆزە ،پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ هەمووزانستەکانی تری مرۆڤایەتی لەنێوانیاندا دەروونزانی، کە بێ گومان ڕۆڵێکی کارای لەسەر پەرەسەندنی خاسیتەکانی کەسێتی تاک و ئاراستەکردنی ئەبێت، چونکە تاک کاریگەرە بەزمانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیت و زمانی کۆمەڵگاکەش دەبێتە ئاوێنەی هۆش و بیری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە.

وە بەو پێیەی زمان شێوازە بۆ لەیەکگەیشتن و گەیاندن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەروەها دەربڕینی هەست و سۆزو حەزو ئارەزو وگەیاندنی پەیامی بیرو دەروون، ئامرازێکی ئێجگار بەهادارەو هەڵسوڕێنەری ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤە. زمان بە یەکێک لە بنەما گرنکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستییەکانی ژیان دەژمێردرێت و بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایەوە، چونکە زمان بەکارهێنان، هاریکاری و هەرەوەزی، کە بەردی بناغەی کۆمەڵن پێکنایەت، بێ زمانیش شارستانییەتیش بەردەوام نابێت، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

گۆمانی تێدانییە زمانی کوردی بەوەی یەکێکە لە زمانەکانی هیند و ئێرانی و هەموو تایبەتمەندییەکی زمانی زیندووی تێدابەدی ئەکرێت، لە هەمان کاتیشدا زمانێکە دەوڵەمەندە بە فەرهەنگ و کەلتووری شارستانی و فکری و شێوەزار و ئیدیۆم و چەندین خەسڵەتی دیش، گشت ئەمانە دەبنە هۆکاری پەرەسەندنی ژیری و خەسڵەت و ئادگارەکانی کەسایەتی تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەمەش لەڕێی بەکارهێنانی تەواوی زمان و توانای تاک لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان، بەوەش زمان دەبێتە یەکێ لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سیما یاخود ئادگارە کەسییەکانی تاک، لەبەرئەوەی سیمای کەسی دەربڕین لە ناسنامەی تاک، یاخود بڵێین شوناسی تاکە. سیمای داهێنان و بیرکردنەوە و زمان پاراوی و ڕەوانبێژی و چەندانی تریش، ئەوانەن ڕۆڵەکانی نەتەوەیەک لەیەک جیادەکەنەوە، بۆیە پێویستە ئەو سیماو خەسڵەتانە پەرە پێبدەین بەڕێگا و هۆکاری جیاواز. بۆئەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی بگۆڕێت، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاک لە ڕێی پێشکەوتنی زمانەکەی خەسڵەت و سیمای عەقڵی و هەڵچوونەکانی پەرەپێبدات.

## 0-2- گرنگی توێژینەوەکە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

زمان بەشێكی گرنگی كەسایەتی مرۆڤ پێكدێنێت و ڕەنگدانەوەی كەسایەتی و بیركردنەوەیەتی، ڕەنگدانەوەی كەسایەتی بە زەقی لە زمانی قسەكردن و زمانی جەستەی مرۆڤ بە دیاردەكەوێت ....كەواتە زمان ئاوێنەی كەسایەتی مرۆڤە.(دزەیی:2015: 11).

بەوپێیەی زمان كار لەبیركردنەوەو پێكهاتنی دەروون و ڕەفتاری مرۆڤ دەكات. وشەو زاراوەو لێدوانەكانی دڵخۆش و ناخۆش دەكەن..دەنرسێنن و دڵنیاش دەكەن..چاكەو خراپە بەمرۆڤ دەكەن..دەتوانن دڵ تەنگ بكەن یان دڵنیا بكەن..مرۆڤ گورج و چالاک بكەن، یان سست و تەمبەڵی بكەن و بەم شێوەیە، كەواتە زمان دانەوەی كەسایەتییە(تاهیر: 2018: 10).

بەهۆی بونی ئەو پەیووەندیە بەهێزەی لەنێوان ئەم دوو گۆڕاوەدا هەیە ، توێژەر بەگرنگی زانی ئەم بابەتە بخاتە بەر توێژینەوە جەخت بكاتە سەر ئەوپەیووەندیەی كەلەنیوان زمان و خەسڵەت وسیماكانی كەسایەتی و دەرونزانی دا هەیە، ڕۆڵی زمان و كاریگەریی لەسەر ئەو خەسڵەتانە، هەروەها ڕوونكردنەوە و پەیوەندی نێوان زمانەوانی و دەروونزانی و كاریگەری لەسەر خەسڵەت و پاراوی زمان و وشە و دەستەواژەكانی تاک.

## 3-0- ڕێبازی توێژینەوەكە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی پەیووەندی پەیڕەوكراوە، كە بە شێوەیەكی تیۆری باسی ڕۆڵی زمان و لایەنە گشتییەكانی خەسڵەتەكانی كەسایەتی كراوە، ئەوەشی پێویستی بە شیكردنەوە بووبێت شیكاری و لێكدانەوەی بۆكراوە.

## 4-0- ناوەرۆكی توێژینەوەكە:

بەپێی پێویستێتی كارەكە، توێژینەوەكە كراوەتە دوو بەشەوە:

بەشی یەكەم: زمان و تایبەتمەندییەكانی.

بەشی دووەم: هەندێ لایەنی خەسڵەتەكانی كەسایەتی تاک.

لە كۆتاییشدا جگە لە ئەنجام و لاپەڕەی سەرچاوەكان، كورتەیەكی توێژینەوكە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## بەشی یەکەم: زمان و تایبەتمەندییەکانی

### 1-1- پوختەیەک لەبارەی زمانەوە:

زمان بەرچاوترین تایبەتمەندی مرۆڤە، کەدەتوانی لەبونەوەرەکانی تری جیابکاتەوە. زمان ئەو توانستەیە کەهەندێکجار سەرنجی پێ نادەین. بەبێ زمان بەهیچ جۆرێک نەمان دەتوانی ئەم جیهانەی ئەمڕۆ پێک بهێنین. پێشکەوتنەکانمان لەهەمووشتێکدا، جا لەهونەرەوە بگرە تازانست و تەکنەلۆژیا، بەبێ زمان نەدەبوو(یەعقووبی:2007: ر). لەبەرئەوە زمان لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا فاکتەریکی گرنگی پەیوەندیکردنە، واتا ژیان و شارستانییەت هیچیان بێ ئەوی تریان و بەبێ بوونی زمان دروست نابێت و پێشناکەوێت، بەبێ بەکارهێنانی زمان هاریکاری و هەروەزی بەردی بناغەی کۆمەڵ پێکنایەت و بێ بوونی زمان شارستانییەت بەردەوام نابێت.(هەڵەدنی:2010: 165)، تاک و نەتەوە و میللەت لە گەشەکردن و گۆڕانی شارستانییەتدا پێویستی بە زمانێک هەیە، ئەو گەشە و گۆڕانەش بەپێی کۆمەڵێک ڕێگای جیاواز دێتە کایەوە، لەوانەش (وەرگرتن و داڕشتن و لێکدان و وەرگێڕان و گۆڕین و داهێنان و ...هتد). کە ئەمانەش بێگومان لەهەر زمانێکدابێت، ئەو زمانە دەوڵەمەند ئەکات، یا دەکرێت بڵێین (زمان بریتییە لەو هۆکارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بنیات ناوە و چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی).(عەبدولڕەحمان:2008: 5). زمان وەک ڕێگایەک بۆ دەربڕین و لێکگەیشتن و دەربڕینی پێویستییەکانی ژیان هاتۆتەکایەوە و بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە بەشێک لە پلەی وشیاری و چالاکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا دادەنرێت (الچامن:1989: 32)، چونکە زمان تاکە ڕێگایە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر)(فەتاح:2011: 9).

هەروەها زمانەوانان پێیان وایە ئەرکی سەرەکی و بنچینەیی زمان پەیوەدیکردنە، هەر پێناسەیک بۆ زمان بکرێ، دەبێ ئەرکی پەیوەندیکردن لە سەرووی ئەرکەکانی ترەوەبێت، بوونی ئەم ئەرکەش لەهەموو بەکارهێنانەکانی زماندا هەستی پێدەکرێت تەنانەت، کە تاکە کەسێکیش لەگەڵ خودی خۆی دەدوێ.( قادر، و حسین: 2016: 80). واتە بێجگە لە ئەرکەکانی تری، ئەرکی پەیوەندییش بەجێ ئەهێنێ.

لەم بارەیەوە زمان ناس و فەیلەسوفی ئەمەریکی ئاورام نوام چۆمسکی لەکتێبێکیدا بەناوی (ئایدۆلۆژیاو تیۆرەکانی زمان، ١٩٩٥)جەخت لەسەر ئەرکی پەیوەندییکردن ئەکاتەوە، کە پێی وایە (زمان بریتییە لە سیستەمێکی دیاریکراو لە ئاماژەکان، کە سروشتی کۆمەڵایەتی هەیە و بۆ گواستنەوەی پەیامە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێت)(العیاش:2002: 55). هەروەها زمان (هۆی گەیاندنە و پردێکە بۆ دوان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا).(حەسەن:2015: 9). هەروەها چۆمسکی، دەڵێت: (زمان بریتییە لە کۆمەڵە ڕستەیەک کە ڕێزمان دەریان دەکات) کە ئەمەش لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمانەوە پێناسەکراوە.

هەروەها زانای زمانەوانی و مرۆڤناسی ئەڵمانی ئێدوارد ساپیر، پێی وایە (زمان هۆیەکی ناغەریزیی تایبەت بە مرۆڤە، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە کاردەکات


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

و لە ژێر دەسەلاتی مرۆڤدایە). بەهەمان شێوە بینجامین لی وۆرف دەڵێت: (زمان جۆرێک مەنتیق و چوارچێوەی گشتی ئاماژە پێکردن پێکدێنێت و بەم شێوەیە هەر زمانێک سیما (شکل)بەهزری قسە پێکەرانی وبەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێت)(موقن: 2006: 108).

لەبەرزۆری بوارەکانی زمان و پێناسەکان، تەنها ئاماژە بەوانە کران، بۆیە دەکرێت لە کۆی ئەو پوختەیەی سەرەوە، کە بۆ زمان دیاریکرا بگەینە ئەوەی، کە زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندی و لە یەکترگەیشتنی ئادەمیزادە. هەروەها دەکرێت بوترێت، زمان کۆمەڵەیەک پەیوەندییە، کە پەیوەندییەکی واتاداری هاوبەشن، بریتییە لە زمانی گۆکراو و نووسراو و هێما و ڕەمز...هتد.

## 1-2- تایبەتمەندیی زمانە مرۆڤایەتییەکان:

### 1- 2-1-زمان داهێنانە:

واتە لە ڕێی زمانەوە مرۆڤ ئەتوانێ داهێنان بکات، کە ئەتوانێ بێ کۆتا چەندین دەستەواژە و ڕستە دروست بکات، واتە داهێنانی زمانی لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە هەر کاتێک بتەوێت بەشێوەیەکی لەخۆوە بەکاری ئەهێنیت (البهنساوی:1994: 14)..

### 1-2-2- ناچێتە ژێر ڕکێفی کاریگەرییە ناوەکییە دەرەکییەکانەوە:

واتە دەربڕین لە بیروڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی قسە پێکەرانی ئەکات، هەروەها دەربڕین لە هەست و نەست و لایەنە تایبەتییەکانی قسەبۆکەرانی زمانەکە ئەکات(هەمان سەرچاوەی پێشوو).

### 1-2-3- زمان دوولایەنەیە:

زمانی مرۆڤ توانای گۆکردنی دوولایەنەی هەیە، وەک پێکهاتەی وشەی نسادە و ڕستە (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

### 1-2-4- توانستی خۆگۆڕین:

زمانی مرۆڤ توانستی گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەیە، بەپێی پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگە، هەرچەندە کۆمەڵ پێشبکەوێ زمانیش پێش ئەکەوێ، پێچەوانەش ڕاستە(هەمان سەرچاوەی پێشوو).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### 1-2-5- توانای گواستنەوەی هەیە:

زمان دیاردەیەکی بۆماوەیی نییە، بەڵام زمانی هەمان نەوە ئەمێنێتەوە بۆ هەمان نەوە، واتە سەرەڕای ئەوەی توانستێکی خواییە، بەڵام لەناو هەمان زماندا لە دایک و باوکەوە ئەگوازرێتەوە بۆ نەوەکان پاش خۆیان( هەمان سەرچاوەی پێشوو).

### 1-3- هۆکارەکانی فێربوونی زمان:

هۆکاری زۆر هەیە، کە کار ئەکاتە سەر فێربوونی زمان، هۆکارێکی تایبەتە بە خودی تاکەوە، لە زیرەکی و پێگەیشتنی تەمەنی و عەقڵی و باری تەندروستی و جەستەیی و کەسێتی و ...هتد، و هۆکاری ژینگەی دەوروبەری تاکیش یەکێکە لە هۆکارەکانی تر، کە بریتییە لە قەبارەی خێزان و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەیوندی نێوان ئەندامانی خێزان و ...هتد.لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێت جەخت لەسەر شەش خاڵ بکرێتەوە، کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە کەسێتی تاکەوە هەیە، لەوانەش:

### 1-3-1- زیرەکی:

زانایانی دەرونزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،زیرەکی بریتیەلە (توانستێکی عەقڵی و هزری کەسەرچاوەکەی بۆماوەییە، بەڵام توانای گەشەکردن و پێشکەوتنی هەیە)(عزیز: ٢٠١٤:١٢٦). هەروەها چەمکی زیرەکی پەیوەستە بە توانستی شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان، تێبینی ئەوە کراوە، کە ئەو منداڵانەی توانای شیکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، خاوەنی زمانێکی پاراو و توانای دەربڕینن، توانستی زمانی بەرزیان هەیە، لەو توانستە زمانیانەش دووانیان تایبەتن بە زمان، یەکێکیان پەیوەندی بە تێگەیشتنی زمان و ئەویتریان بە دەربڕین و پاراوی زمانەوە هەیە.(کفافی: 1998: 113). کەواتە زیرەکی رۆڵێکی کارا لە فێربوونی زمان لە لای منداڵ ئەگێڕێ، لە میانەی ئەو تێکەڵییە بەردەوامەی لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی ورۆشنبیرییەی، کە تێیدا دەژێت. کەرەسەی زمانی بەرهەمهاتوو لای منداڵ تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە ڕێژەی یاخود پلەی زیرەکییەوە، کە هەندێ لە زمانەوانە دەروونییەکان بە بنەمای دائەنێن بۆ پێوانەکردنی زیرەکی منداڵان. بۆیە ئەو کەسانەی کە خاوەنی ڕێژەیەکی بەرزی زیرەکین کاریگەری لەسەر وەرگرتنی کەسێتی و خەسڵەتی تایبەتیان ئەبێت، لە پاراوی قسەکردن و زمانپاراوی و سووکدەربڕینی وشەکان و دروستکردنی بیرۆکەی خێراو گونجاو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### 1-3-2- بەردەوامی:

پەیوەندی لە نێوان بەردەوامی و زیرەکی هەیە، ئەو منداڵەی ئارەزووی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکیدا هەبێت، ئەو بەردەوامییەی ئەبێتە هاندەرێک بۆ فێربوونی زمان و ئەو کاتەی کە لەگەڵیان ئەیباتە سەر، هەروەها زیاتر خۆی ماندوو ئەکات لە فێربوونی زمان، کە لەوانەیە بە پلەیەکی زیاتربێت لەو منداڵەی، کە ئارەزووی نەبێت بۆ فێربوونی زمان و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکیدا.(السید:1996: 131).

### 1-3-3- کەسێتی:

ئەو منداڵەی خاوەن کەسایەتییەکی تەندروستە و بەهێزە، باشتر گفتوگۆ ئەکا و وشەکان باشتر دەرئەبڕێت لەو منداڵەی کە خاوەنی کەسایەتییەکی لاواز و باوەڕبەخۆبوو نەبێت. ئەو خاڵەش لە زۆربەی بارەکاندا ئاماژەیە بۆ تەندروستێتی باشی منداڵەکە.(صالح: 1992: 29). هۆکارە دەروونی و تێکچوونە هەڵچوونییەکان کاریگەری خراپی لەسەر فێربوونی زماندا ئەبێت، بۆیە پێگەیشتن و جێگیری بارە هەڵچوونی و دەروونیەکانی منداڵ پرۆسەی فێربوونی زمان لە لای منداڵ ئاسانتر دەکات. ترس و دڵەڕاوکێ ئەبنە هۆی شڵەژان و تێکچوونی باری دەروونی منداڵ، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەر پرۆسەی فێربوونی زمان لە لای منداڵ.

### 1-3-4- ئاستی ڕۆشنبیری:

ژینگەی گونجاو و تەندروست بۆ فێربوونی هەر زمانێک، واتە ژینگەی سروشتی، واتە تێکەڵبوون لەگەڵ قسەبۆکەرانی ئەو زمانە پەتییە تا زمانی پاراوبێت. تێکەڵبوون لەگەڵ بیانییەکان زمان تێکدەدات، کە زمان بە پشتبەستن بە کەلتووری زمانی و تێکەڵبوون لەگەڵ قسەبۆکەرانی زمانەکە ببەسترێت. (عبدالباری: 2011: 52). تێکەڵاوبوون لەگەڵ دەوروبەردا بەشێوەیەکی گەورە بەشداری لە سروشتی گەشەپێدانی زمان و بڕەکەی ئەدا، لە میانەی تێکەڵبوونی تاک لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگە توانستی بەردەوامبوون وەرئەگرێت و لە گۆشەگیری دوورئەکەوێتەوە.(محمد:1987: 90)، جیاوازی ژینگە و ئاستەڕۆشنبیرییەکان ئەبێتە هۆی جۆراوجۆرێتی ئەو ڕەگەزە زمانیانەی کە پەیوەندییان بەو ژینگانەوە هەیە.

کەواتە ژینگە ڕۆڵێکی گەورەی لە فێربوونی زماندا هەیە، بۆ نموونە ئەو ژینگەیەی کە هەموو پێداویستییەکانی فێربوونی زمانی تێدابێت، هەر لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ئامرازەکانی فێربون و گفتوگۆی زانستی نێوان ئەندامانی خێزان و هۆکارەکانی تر، بێگومان کار ئەکاتە سەر پرۆسەی فێربوونی زمان و بنیاتنانی کەسێتی و بە دیهێنانی خەسڵەتی تاک زیاتر لەو ژینگانەی کە ئەو هۆکارانەی سەرەوەی تێدانەبێت. ئاستی ڕۆشنبیری باوک و دایک و وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵەکانیان و گوێڕاگرتنیان بۆ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بیروبۆچوونەکانیان، بەرهەم و دەستکەوتی زمانی زیاتر ئەبێت لەو منداڵانەی کە باوک و دایکیان خاوەنی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران نەبن.(قاسم: 1998: 64).

## 1-3-5- دووبارەکردنەوە:

دووبارەبوونەوە کە بۆ فێربوونی زمان و تێگەیشتنی پێکهاتەکانی وشە و زاراوەکانی گرنگە، دووبارەبوونەوەش پێویستە لە هەڵوێستی سروشتی و هەڵوێستی زیندوودا ڕووبدات، لەسەر بنەمای تێگەیشتن و درکپێکردنی پەیوەندی و ئەنجامەکان پێکهاتبێت، یان بنیاتنرابێت، ئەگەر نا بەبێ بوونی تێگەیشتن دەبێتە چالاکییەکی لەخۆوە، یان ئامێری، کە یارمەتی خاوەنەکەی نادات لە بەرانگەربوونەوەی هەڵوێستە نوێیەکان. (عبدالباری: 2011: 52).

## 1-3-6- لاساییکردنەوە:

پێویستی بوونی لاساییکردنەوە و وەرگرتن لەسەرەتاکانی فێربوونی زماندا، پاشان قۆناغی پشتبەستن بەو کەرەسانە دێت کە هۆشداری پێداوە و لەبەری کردووە و لە هەڵوێستە نوێیەکاندا بەکاریان دێنێت.(عبدالباری: 2011: 52).

## 1-4- پەیوەندی زمان بە دەروونزانییەوە:

زمانەوانی دەروونی بە یەکێک لە پسپۆرییە نوێیەکانی زمان و لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی دادەنرێت، لێکۆڵینەوە لە وەرگرتن و بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان دەکات. سەرەتای بڵاوبوونەوەی زمانەوانی دەروونی بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە لەلایەن (ڕۆدۆڵف میرینگەر، ١٨٥٩–١٩٣١)، کە هەڵسا بەکۆکردنەوەی هەڵەزمانەوانیەکان، بەپێچەوانەی (سیگمۆند فرۆید، ١٨٥٦– ١٩٣٩)) تایبەتمەندی زمانەوانی خوێند نەک دەروونی. دوا بەدوای ئەوانیش (گۆستاف ئەشافنبورگ، ١٨٦٦– ١٩٤٤)هەستا بە بەکارهێنانی تەکنیکی یەکێتی وشەکان، لە نواندنی مانای وشە. هەروەها دوای ئەوەی پزیشکی دەماری (پۆڵ برۆکا، ١٨٢٤–١٨٨٠) لەکاتی تاقیکردنەوەی یەکێک لەنەخۆشەکانی بەناوی (تان) کە توانای قسەکردنی لەدەست دابوو، کەتەنها دەیتوانی یەک برگە دەر ببرێت، دوای مردنی (تان)، (پۆل برۆکا) پشکنینی بۆ مێشکی نەخۆشەکە ئەنجامدا، زیانێکی گەورەی لەناوچەی بەشی پیشەوەی مێشکیدا بەدی کرد، کە ئێستا بەناوی ناوچەی برۆکاوە ناسراوە. دۆزینەوەکانی برۆکاو، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دواتر پزیشکی دەماری ئەڵمانی (کارل فیرنیک١٨٤٥–١٩٠٥) ئەنجامیدان، بەسەرەتای دۆزینەوەی پەیووەندی لەنێوان زمان و مێشک دادەنرێت (صوان:٢٠١٨: ٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وە لەسەدەی بیست دا گرنگی دان بە لایەنی دەروونی لە زماندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی، لەلایەن (نوام چۆمسکی١٩٢٨) کەوای بەباش دەزانی زمان بە لقێک لە دەروونزانی درکپێکردن دابنرێت، (یوسف: 1990: 18).چونکە زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و یەکێ لە ئەرکەکانی زمانیش دەربڕینی بیرە.

دەروونزانی زمانەوانی، زمان وەک دیاردەیەکی کەسی سەیردەکات، چونکە مرۆڤ بەهۆی بارودۆخی دەروونی و ڕەوشتی دیاریکراوە. دەروونزانی و زمانەوانی لەزۆر بابەتدا هاوبەشن وەک: وەرگرتنی زمان، بیرکردنەوە، واتا، دابونەریتی زمانی، شیکردنەوەی دەروونی، نەخۆشییەکانی گوتن، هاتنەکایەی زمانەوانی دەروونی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەبوو.(دزەیی: 2014: 15).

وە لەبەرئەوەی زمان دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، لەبەرئەوە زانایانی زمان و دەرونزانی بایەخێکی زۆریان پێداوە، زانایانی دەرونزانی بایەخ بە زمان ئەدەن، بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتاری پێ ڕوونبکەنەوە، و زانایانی زمانیش بایەخی پێ ئەدەن بۆئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەفتاری زمانی پێ ڕوون بکەنەوە، دەرونزانی بایەخ بە زۆربەی بوارەکانی زمان ئەدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ئارەزو و ناخ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە. پەیوەندی نێوان دەرونزانی و زمانزانی لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا دەرئەکەوێ، کە دەبینین شیکاری دەروونی لێکۆڵینەوە لە وشە و دەربڕینەکانی ئەو کەسە ئەکات، نەک شیکاری لە خەونەکانی بکات. (مدکور:1996: 51).

وە بەپێی ئەوەی زانستی دەرونزانی دراسەی ڕەوشت و پرۆسە عەقڵیەکان دەکات. ڕەوشتیش هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت، بێگومان یەکێکیش لەوانە زمانە. وە پرۆسە عەقڵیەکانیش زۆر چالاکی دەگرێتەوە کە کار لەزمان دەکات یاخود کاریگەر دەبێت پێی وەکو (یادکردنەوە، بیرکردنەوە، پەی پێبردن، هەست کردن، فێربوون) هەموو ئەو چالاکیانە کار لەزمان دەکەن(الحمدانی: 2007: 13).

ئاشکرایە کە زانستی زمان بایەخ بە پێکهاتە و بنیاتی زمان ئەدات، کەچی دەرونزانی بایەخ بە چۆنێتی فێربوونی زمان و توانستی قسەکردن و دەربڕین ئەدات، بەڕەچاوکردنی ئەوەی، کە زمان پرۆسەیەکی ئاوەزی دەروونییە، کەواتە لێکۆڵینەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکردنەوەیە، هەروەها پەیوەندی زمان بە کەسێتییەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی درەنگ قسەکردن یا نەخۆشییەکانی زمانە.

دەروونزانی و زمانەوانی لە زۆر بابەتەدا هاوبەش و ناوکۆن:

1. وەرگرتنی زمان.
2. بیرکردنەوە.
3. واتا.
4. داب و نەریتی زمانی .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

5. شیکردنەوەی دەروونی.
6. نەخۆشییەکانی گوتن.

هاتنە کایەی زمانەوانی دەروونی بۆ چارەسەری ئەم بابەتە هاوبەشانەبوو(دزەیی:2015: 95).

## 1-5- هەندێ لایەنی تیۆرەکانی فێربوونی زمان:

سەرەڕای ئەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لەبارەی پرۆسەی فێربوونی زمانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و لێکۆڵینەوە و بیردۆزەی جۆراوجۆر هاتەکایەوە، لە پێناو شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو پرۆسەیە. هەندێکیان بۆ فێربوونی زمان جەختیان لە ڕۆڵی ژینگە کردەوە، هەندێکیشیان جەختیان لەبنەمای خۆرسکی کردەوە.

زۆرێک لە تیۆرە دەروونییەکان هەوڵیاندا پرۆسەی فێربوونی زمان و فێرکردنی شی بکەنەوە، کە تەوەری ئەو تیۆرانە ناسینەوەی چۆنێتی فێربوونی زمان و چۆنێتی پەرەسەندن و بەکارهێنانی وانەوتنەوەیەتی لەسەر بنەمای زمانەوانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی. لە پەنجاکانی سەدەی بیست دا دوو تیۆر هەبوو پەرەیان سەند و بڵاوبوونەوە لە بارەی چۆنێتی فێربوونی زمان، ئەو دوو تیۆرەش لە بیر و ڕادا دژیەک بوون، یەکەمیان تیۆری ڕەوشتی (Behaviorism ) ئەوەیە، کە دەڵێت زمان لە ئەنجامی هۆکار یان ورووژێنەرە ژینگەییەکانەوە پەرەدەسێنێ ( Environ mental Influences ).

تیۆری دوەمیش، کە تیۆری خۆڕسکییە ( Nativsim ) دەڵێت کە زمان بە هۆی هۆکاری خۆڕسکییەوە پەرەدەسێنێ، کە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێت و لە ژیانیدا بە بەردەوامی هەیەتی و لە ناخیدا هەیە، کەچی ڕا و بۆچوونە نوێیەکان لە بارەی فێربوونی زمان لەلای مرۆڤ، جەختی لەسەر کۆکردنەوە، یان کارلێکردن کردەوە لە نێوان هۆکاری ژینگەیی و توانستی خۆڕسکی، کە باشتر وایە ناوی بنێین بە تیۆرە کارلێکەکان ( Interact ional Theories ) کە لە شیکردنەوەی فێربوونی زمان لەو دوو تیۆرەی کە لە سەرەوە باسکران، جیاوازترە(عبدالباری: 2011: 50).

بە پوختی هەندێ لەو بیردۆزانە دەخرێتەڕوو:

### 1-5-1- بیردۆزی ڕەفتار(رەوشت)ی:

زمان بەشێکی گەوهەرییە لە کۆی ڕەوشتی مرۆڤدا، ئەمە ئەوەیە کە ڕەوشتییەکان دەیبینن و لەگەڵ زماندا مامەڵەی پێ دەکەن، کە لە فێربوونی زماندا تیۆرەکانیانی پێ دادەڕێژن، بەمەش جەخت لەسەر لایەنە ڕاستەوخۆکانی ڕەوشتی زمانی دەکەن. (عبدالباری: 2011: 49). خاوەنی ئەم ڕێازە شۆڕشێکی گەورەیان دژی دەرونزانی کلاسیکی بەرپاکرد، بە ڕەتکردنەوەی ڕێبازی هەڵهێنجان و پشت بەستن بە ڕێبازی پراکتیکی تاقیگەیی. لەو زانایانەی لەو بیردۆزەیە کاریانکردووە، ( ئیڤان بافلۆف، سکنەر، ئیدوارد سۆرنیدایک، تۆڵمان،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

واتسۆن...هتد). ئەو زانایانە جەختیان لەوە كردووە، كە زمان بەشێكە لە ڕەوشت یا ڕەفتاری مرۆڤ، و ئەم بیردۆزەیەش كاریگەرییەكی بەهێزی لەسەر هەموو سیستەمی فێركاری و ئەو پسپۆر و كارمەندانەی لە گۆڕەپانی پەروەردەیی كاریان ئەكرد هەبوو.(العیاصره:2011: 49). ڕەوشتكارییەكان زمانیان بە بەشێك لە ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆیی دادەنا، لێكۆڵینەوەیەكی زۆریان كرد بە مەبەستی پێكهێنانی تیۆرێك تایبەت بێت بە فێربوونی زمانی یەكەم. ڕێگای ڕەوشتیش جەخت لەسەر ڕەوشتی زمانی دەكات، لەڕێی وەڵامدانەوەی وا كە دەكرێت تێبینی بكرێت بەشێوەیەكی هەستی و پەیوەندی ئەو وەڵامدانەوانەش بە جیهانی دەوروبەری. ئەو قوتابخانەیەش لە پەنجاكان دەستی گرتەسەر بواری دەروونناسیی و تا حەفتاكانی سەدەی ڕابردووش بەردەوامبوو. كە كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر هەموو سیستەمی فێركردن و پسپۆران و كاركەرانی بواری پەروەردەی هەبوو. (عبدالباری: 2011: 50).

ئەم بیردۆزەیە گریمانەی ئەوە دەكات، كە پێویستە بایەخ بەو ڕەفتارانە بدرێت، كە بچێتە ژێرباری تێبینی پێوانەكردنەوە، جەخت لەسەر بنیاتی عەقڵی نەكرێت، كە بنیاتی زمان پێكدێنێ، لەبەرئەوەی چالاكی عەقڵی نابینرێت، بۆیەكە ناتوانرێت بزانرێت، یان پێوانەی بكەی.(د.نبیل عبد الهادی و د.حسین الدراویش و د.محمد یۆالحه: 2007: 93). زانایانی ڕەفتاری هۆكاری عەقڵی بەتەواوی ڕەتناكەنەوە، بەڵام ئەوە ئەڵێن، كە هەر ڕەفتارێكی تاك شایەنی تێبینیكردن بێت، پەیوەندە بە هۆكاری ناوەكی یان فەسیۆلۆجی، هەروەها ئەوە ئەڵێن، كە ناكرێت لێكۆڵینەوەی شتێك بكەیت و نەتوانیت ببینی یان تێبینی نەكەی.(هەمان سەرچاوە:94).

## 1-5-2- بیردۆزی بەرهەمهێنان(خۆڕسكی/ چۆمسكی):

تیۆری خۆڕسكی بریتییە لە جۆرێك لە دەروازە یان ڕێبازی پێكهێنان، زاراوەكەش لە جەختی ڕێبازی پێكهێنەرەكانەوە وەرگیراوە بەوەی كە فێربوونی زمان وەك توانستێك لە منداڵییەوە لە مرۆڤدا هەیە، واتە ئێمە لە دایك دەبین و ئامێرێك هەیە ئاراستەمان دەكات بۆ فێربوون و وەرگرتنی زمان، واتە دركپێكردنێكی ڕێكوپێكی ئەو زمانەی دەوروبەرمان، هەروەها بەرهەمهێنانی پاش ئەوەی لەناوەوە وەردەگیرێت، ئەم گریمانەیەش بەڵگەیەكی زۆر پاڵپشتی دەكات. (عبدالباری: 2011: 50).

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر هۆكاری خۆڕسكی مرۆڤ ئەكاتەوە لە فێربوونی زماندا، هەروەها ئامادەباشی خۆرسكی یان بنیاتێكی خۆڕسكی بۆ فێربوونی زمان لای مرۆڤ یان لای منداڵ. پاڵپشتی و دووبارەبوونەوە و ئەزموون لەم بیردۆزەیەدا لە فێربوونی زمان ڕۆڵێكی لاوەكی ئەگێڕن. لە زانا ناوبانگەكانی ئەم بیردۆزەیە، (چۆمسكی) (العیاصره:2011: 54).

هەروەها یەكێكە لە بیردۆزە بەناوبانگەكان لە زمانەوانی نوێدا، كە زمان و پەرەسەندنی زمان لەخۆئەگرێت، كە زمان پەیوەندییەكی بەهێز و بەتینی بە ڕەفتاری مرۆڤایەتی و بیركردنەوەیەوە هەیە، جەختیش لەوە ئەكاتەوە، كە هەر مرۆڤێك لەگەڵ لەدایكبوونی توانستی زمانی لەگەڵدا هەیە.(اللبابیدی: 1992: 35).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### 1-5-3- بیردۆزەی پەرەسەندنی زانیاری(معرفی- بیاجیە):

تیۆرە زانیارییەکان دەستیان کرد بە جەختکردن و بایەخدان لەسەر سایکۆلۆجییەتی بیرکردنەوە و گیروگرفتی زانیاری بەشێوەیەکی گشتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و درکپێکردن و کەسێتی و لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە فێربووندا، لەو کاتەی کە تیۆرە ئەنجامدانییەکان جەختیان لەسەر فێربوونی پارچەکان(کەرت) دەکرد، ئەوا تیۆرەکانی زانیاریی جەختیان لەسەر گشت دەکرد، گرنگترین تیۆرەکانی زانیاریش تیۆری گشتاڵت و تیۆری بنیاتگەری جان بیاجیەه(خرما، و حجاج:1988: 62).

ئەم بیردۆزەیە، کە بیردۆزەی (شیکردنەوەی زانیارییەکان)یشی پێ ئەوترێت، لە پرۆسەی فێربوونی زمان و پەرەسەندنیدا جەخت لەسەر هەردوو هۆکاری خۆڕسکی و ژینگەیی ئەکاتەوە. پەرەسەندنی زمانیش بەندە بە لایەنی زانیاری(مەعریفی)، چونکە زمان پرۆسەیەکی ئەرکی داهێنانییە بەندە بە توانای تاک لە کارلێکردنی لەگەڵ کەرەسە ژینگەییەکاندا( العیاصره:2011: 57). تیۆری (جان بیاجیە) بەو بنەمایە دائەنرێت، کە تیۆری زانیاریی پەرەسەندووی لەسەر بنیاتدەنرێت. هەروەها جەخت لەوە ئەکات کە گەشەکردن و پەرەسەندن بەهەموو لایەنەکانییەوە دەچێتە ژێر کارلێکردنی نێوان تاک بە پێکهاتەکانییەوە و نێوان ژینگەش بە ڕەگەزەکانییەوە. گەشەسەندن یان پەرەسەندن چوار قۆناغی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

1. قۆناغی هەستی جووڵەیی: لە لەدایکبوونەوە تا دووساڵی.
2. قۆناغی پێش پرۆسەکانی بیرکردنەوە: لە دوو ساڵەوە تا حەوت ساڵی.
3. قۆناغی پرۆسە فکرییە بینراوەکان: لە حەوت ساڵەوە تا یانزە ساڵ.
4. قۆناغی پرۆسە فکرییە ڕەمزییەکان(وێنەیی): لە یانزە ساڵەوەو بەرەوسەرەوە.( محمد: 1987: 76).

ئەم تیۆرەش لە شیکردنەوەی دیاردەی فێربوونی زماندا بە گرنگترین تیۆرەکانی زمان دەژمێردرێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی بەرهەڵستی تیۆری وەسفی بنیاتگەری ڕەفتاری کرد، ئەوە دەبینێت کە پرۆسەی فێربوونی زمان لەڕێی تەلقین و وەڵامدانەوەی مەرجی و هاندانەوە دەبێت.

لەڕوانگەی ئەم بیردۆزە یان تیۆرانەی، کە تایبتن بە فێربوونی زمان، ئەکرێت بوترێت کە تیۆرەکان زۆربەیان پشتیان بە کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و ژینگەی کۆمەڵایەتی و فیزیایی دەوروبەری بەست، بۆیە دەبینین، کە ئەو تیۆرانە فێربوونی زمان و پەرەسەندنیان لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ژینگەیی لێکداوەتەوە.

### 1-5-4- تیۆری کارلێکردن:

بەدەرخستنی تیۆرەکانی پێشوو، دەبینین کە یەک تیۆری جێگیر نییە بۆ شیکردنەوەی فێربوونی زمان، لەبەرئەوە چەند تیۆرێک پێکەوە تێکەڵکران، ئەویش لە پێناو دۆزینەوەی شیکردنەوەیەک بۆ فێربوونی زمان زۆر گونجاوبێت، لەو تیۆرانەش تیۆری ( فیجوتسکیی) دەبینێت کە بنەمای سەرەکی فێربوونی زمان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەگەڕێتەوە بۆ کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەگەڵ بیروبۆچوونی ڕەفتارییەکان(ڕەوشتییەکان) یان خۆڕسکییەکان لەبارەی فێربوونی زماندا دژیەک دەبێتەوە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا زۆرێک لە زانایانی دەرونزانی دەبینن، هەوڵدەدەن ئەو بیرانە کۆبکاتەوە و لەیەکیان بدات. ئەویش لە پێناو پێکهێنانی تیۆرێکی پێکهاتوو و تێکەڵکار، ناویان نا بە کارلێکردنی کۆمەڵایەتی (Social Interactions ) ئەم تیۆرەش خوێندکارەکەی (بافلۆف) دۆزییەوە کە ناوی (لیف فیجوتسکی)یە و بەم وشانەی خوارەوە دایدەڕێژێتەوە:

پەیوەندی نێوان بیر و وشە مرۆڤێکی زیندووە، بابەتی تیۆری فیجوتسکی تایبەتە بە لایەنی تێکەڵکاریی کۆمەڵایەتی، کە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر پەرەسەندنی زانیاریی هەبوو. فیجوتسکی ڕای خۆی بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: هەر کارێک پەیوەندی بە پەرەسەندنی منداڵی ڕۆشنبیری هەبێت دووجار دەردەکەوێت، جارێک لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵک و نێوانیاندا و جارێکی تریش لەسەر ئاستی تاک لەگەڵ منداڵەکە خۆیدا و لە ناخیدا دەردەکەوێت، لەبەرئەوە فیجوتسکی بڕوای وایە کە بەیەکگەیاندن بۆ پەرەسەندنی تاکە هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە. (عبدالباری: 2011: 59).

## بەشی دووەم:خەسڵەتەکانی کەسایەتی تاک

### 2-1- چەمکی خەسڵەت

زۆر لەسەرچاوە زانستیەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە خەسڵەت یاخود ئادگار "ئاڕاستەی جیاکەرەوەی تاکە بۆ ئەوەی بەڕێگەی دیاری کراوی خۆی ڕێ بکات، یاخود سیفاتێکە کە دەکرێت لەسەر ئەم بنەمایە جیاوازی لەنێوان تاکێک و یەکێکی تر بکەین، هەروەها ڕەهەندەکانی کەسایەتی پێک دێنێت کە دەتوانین پێوانەی بکەین بۆ زانینی تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی، یاخود خەسڵەت ئەو شتە جیاکەرەوەیە کەتاک جیا دەکاتەوە لە دەوروبەری( عباس، وکریم:2013: 202).

### 2-2- پێناسەی خەسڵەت

(ئایزنیک – Eysenck) بەوە پێناسەی ئەکات، کە: کۆمەڵێک ڕەفتار و وەڵامدانەوەیە(استجابە)، کە مرۆڤ لەسەری ڕاهاتبێت، مەبەست لەوەش، ئەو وەڵامدانەوانەی دیاریکراون، کە لە هەمان بارودۆخ یان باردۆخی جیاوازدا ڕوودەدات.(القذافي:1993: 243). هەروەها (جیلفۆرد– Gilford ) بەوە پێناسەی ئەکات، کە خەسڵەتێکی جەستەیی، یان ئاوەزی یان هەڵچوونی یان کۆمەڵایەتی خۆڕسکی یان وەرگیراوی تاکە، کە دەربڕین لە خۆئامادەکردنێکی جێگیری ڕێژەیی ڕەفتارێکی دیاریکراوی تاک ئەکات.(الشرقاوی:1983: 72). ئەم خەسڵەتانە ئەو جۆرە ڕەچاوکەرەیە، بۆ ڕەفتار و بیرکردنەوە و سۆزداری.

کەواتە خەسڵەت، بەپێی پێناسەی زمانەوانی، ئەو تایبەتییەیە، یا خەسڵەتەیە، یان هێمایەکی دیاریکراوی تاکە. دەکرێت بوترێت، کە خەسڵەت کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جەستەیی و زانیاری و کۆمەڵایەتی و ...هتد، کە لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕەفتاری تاكدا بەشێوەیەكی ڕێژەیی ئەبینرێت و لە كەسانی تری جیائەكاتەوە. ئەكرێت لە ڕێی دیاردەی ڕەفتاری جیاوازی تاكەوە دیاری بكرێت یان دیاربێت، هەروەها لە ڕێی دیاردەی ڕەفتاری جیاوازی تاكدا بناسرێتەوە.

لەو دوو پێناسەیەی سەرەوە ئەگەینە ئەوەی، كە خەسڵەت تاك لەوانی تر جیائەكاتەوە، لەبەرئەوەی هەركەسێك خەسڵەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە. خەسڵەت و سیماكانیش بەپێی تێپەڕبوونی كات لەهەر تاكێكدا جێگیر ئەبن، سەرەڕای ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، و كاریگەری لەسەر ڕەفتاریشیان ئەبێت، لەو خەسڵەت و سیمایانەش، (متمانە بەخۆ بوون، زیرەكی، هاوكاری، ڕۆشنبیری، كراوەیی، ئازایەتی، وروژاندن، شەرم، گۆشەگیری، بەهێزی، پاراوی و نەرم و نیانی، حەزلەكاركردن، سپاس گوزاری...هتد).

## 2-3- تایبەتمەندییەكانی خەسڵەت:

بەپێی ئەوەی باسكرا لەسەرەوە، گریمانەی بوونی خەسڵەت و سیمای گشتی ئەكرێت، هەموو مرۆڤێك ژمارەیەكی دیاریكراوی لێی هەیە، كە ئەویش خەسڵەت وسیمای تایبەتین، خەسڵەت یا سیما تایبەتێتی، یان خەسڵەتێكی زگماكیی یان وەرگیراوە، كە لە خەڵكانی تری جیائەكاتەوە.(فیصل: 1994: 28). خەسڵەت یان سیما ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

زۆربەی خەسڵەتەكان بە پلەی جیاواز لەلای تاكەكاندا هەیە، كەوا ئەكات گریمانەی بەردەوامی بۆ هەموو خەسڵەتەكان بكەین، كە لە سفرەوە دەست پێ ئەكات و پلەبەپلە هەڵ ئەكشێت بۆ بەرزترین پلە.

– هەندێ لە خەسڵەتەكان خاوەنی یەک جەمسەر یان دوو جەمسەرن، ئەوانیش ئەو خەسڵەتانەن كە دژەكانی لەگەڵیدایە، شوێن یان ژینگەی تاك لە بەردەوامی خەسڵەتێكی دیاریكراو جێگیر نییە، بەڵكو لە گۆڕان و جووڵەدایە. هەندێ لە خەسڵەتەكان پلەی جێگیرییان بەپێی جیاوازی قۆناغە تەمەنییەكان، هەروەها بەپێی جۆری خەسڵەتەكان و چەندێتی پەرەسەندن و كامڵبوونیش دەگۆڕدرێت.( یونس: 1978: 301).بۆیە دەكرێت بڵێین كە خەسڵەت یان سیما لە ئاكامی هۆكاری بۆماوەیی یان وەرگرتنەوە وەرگیرابێت. وەرگرتنی زمان و فێربوونی و بەكارهێنانی بە پلەیەكی زۆر خەسڵەتی كەسیی تاك دیاری ئەكات.

## 2-4- پۆلێنكردنی خەسڵەت:

بەپێی ڕوونكردنەوە و ئەو پێناسانەی كە باسكران، و بەپێی ئەو لێكۆڵینەوانەی لەلایەن زانایانی دەروونزانی و زانایانی پەروەردەیی و كۆمەڵەناسان، خەسڵەت و سیماكانی تاكیش بۆ جۆری جیاواز پۆلێنكراوە، لەسەر ئەو بنەمایانەشە تاكەكان جیاوازئەبن لە نێو یەكدیدا، بێگومان لەم بارەشدا لە نێوان تاك و كۆمەڵەكاندا خەسڵەتی جیاواز ئەبێت، بۆیە ئەبینین (كاتڵ – Cattell ) خەسڵەتی دابەشكردۆتە سەر خەسڵەتی ( تاكایەتی– Unique ) و (هاوبەشی – Common ) یان خەسڵەتی سەرچاوەیی (لەبەرئەوەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

سەرچاوەی ڕەفتاری تێبینیكراوە) و خەسڵەتی ڕووكەش یان لابەلا. خەسڵەتی تاكایەتی تایبەتە بە كەسێک، كەچی خەسڵەتی هاوبەشی كۆمەڵێک هاوبەش ئەبن تێیدا، یان ئەو كەسانەن كە هاوبەشن لە پاشخانێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو.(الشماع:1977: 58).

(كاتڵ) باسی ئەوە ئەكات، كە خەسڵەتەكان پۆلێن ئەكرێن بۆ كۆمەڵ یان چەند نموونەیەک، بەپێی ئەو هەڵوێستەی كە تاک لە ژیانی ڕۆژانەیدا تووشی ئەبێ، یان بەپێی ئەو ئامانجەی كە ئەیەوێت، بۆیە دەبینین خەسڵەت هەیە دینامیكییە، یان توانستییە، یان مەزاجییە(بەپێی باری دەروونییە). كە دابەش ئەبێتە سەر:

### 2-4-1- خەسڵەتی توانست:

پەیوەندە بە بەدەستهێنانی تاک بۆ ئەو ئامانجەی كە ویستی لەسەرە، وەک خەسڵەتی زانیاری یان توانستەكان و چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ هەڵوێستەكان.

### 2-4-2- خەسڵەتی دینامیكی:

پەیوەندە بە باری كارلێكچوون و جوولەی تاک لە ئامانجێكی دیاریكراو كە پەیوەندە بە دەرچوونی كردارە ڕەفتارییەكان. كە پەیوەندە بە ئاراستە ئاوەزییەكان یان حەز و ئارەزوو، وەک ئەوەی ئەڵێن (كەسێكی ئامانجخواز/ تموح ، هۆگری یان شەیدای وەرزشە، ئاراستەی دژی ڕژێم هەیە ...هتد.

### 2-4-3- خەسڵەتی مەزاجی:

پەیوەندە بە چالاكی تاک و كاردانەوەی كردارە هەڵچوونییەكانیەوە...خاوەنی ئەم خەسڵەتە ئەكرێت كەسێكی ئارام یان كۆمەڵایەتی یان بوێر یان تووڕەبێت و ...هتد. كە ئەبێتە هۆی یارمەتیدانی دیاریكردن و شیكردنەوەی ڕەفتاری كەسەكە، كە جێگیرە و گرنگییەكی زۆری هەیە.(الشماع: 1977: 59).

### 2-5- تیۆرەكانی خەسڵەت و كەسایەتی:

ئەدگاری كەسی یان خەسڵەت – Traits سیفەتێكی خۆڕسكە یان بەدەستهێنراوە، كەسێک لە یەكێكی تر جیادەكاتەوە و لەنێو مرۆڤدا كۆمەڵێک ئەدگاری گشتی و هاوبەش هەیە. كۆمەڵێک تیۆر هەیە كە تایبەتە بە خەسڵەت یان سیمای كەسێتی و لە خاڵە جیاوازەكانی ئەدوێ و لێی ئەكۆڵێتەوە، تیۆرەكانی خەسڵەتیش لەسەر دوو بنەما گریمانەی بۆ ئەكرێ:

– گریمانەی یەكەم ئەوەیە، كە خەسڵەت بە پلەیەكی دیار لە گشت كەسێكدا هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

– گریمانەی دووەم ئەویە، کە ئەکرێت پلەی ئەو خەسڵەتەی لە لای تاک هەیە بپێوری.(کباجە: 2011: 58). هەروەها تیۆرەکانی خەسڵەت بێجگە لەو دوو گریمانەییەی باسکران، دوو بیرۆکەی سەرەکی لەخۆئەگرێت، کە ئەمانەن:

– بیرۆکەی یەکەم: کە بیرۆکەی خۆئامادەکرنی سەربەخۆیە لە بارودۆخی دەرەکی، و هەروەها سەربەخۆیە لە بارودۆخی فێربوون یان ژینگەیی.

– بیرۆکەی دووەم: ئەویش بیرۆکەی گشتگیرییە، یان جێگیریی لە ڕەفتاری تاکدا.هەردوو بیرۆکەی بیرۆکەکەش پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکدییەوە هەیە.(السید، ئە وانی تر:1970: 181).

لەبەر دوور و درێژی تیۆرەکانی تایبەت بە کەسێتی، زۆر بە کورتی و پوختی ئەو تیۆرانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

## 2-5-1- تیۆری کەسێتی لای (هانز ئایزنک – h .eysenck) :

(ئایزنک) ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا، کە زۆربەی تیۆرەکانی کەسێتی پەیوەندە بە گۆڕاوی لێکچوو و دیاریکراویش نییە، لەهەمان کاتدا (کاتڵ)یش ئەڵێ، کە کەسێتی پێشبینیکردنە بەوەی کە تاک لە هەڵوێستی دیاریکراودا ئەیکات. (ئایزنک) ئەڵێ ڕەفتاری تاک لە هەڵوێستێکدا پشت بە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو کەسە ئەبەستێ، کە ئەویش پەیوەندە بە هەڵوێستەکانەوە(کباجە: 2011: 58)، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک لە ساتێکی دیاریکراودا تووڕەبوو و هەڵچوو، ڕەفتاریش ئەچێتە ژێر کاریگەریی ئەو تووڕەبوون و هەڵچوونەوە.
(ئایزنک) ئەوە ئەبینێ، کە کەسێتی مرۆڤ لە چوار هۆکار پێکدێت: ( هەڵپچڕان و گەشبینی و تووڕەبوون و ناخۆشی و درۆکردن..).. هەروەها جەخت لە گرنگیی فێربوون ئەکات، و وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی لە سروشت و پێکهاتەی کەسێتیدا، بەڵام دێتەوە سەر گرنگی هاوپەیمانێتی و پێکەوبوون ، لەوەی هەندێکی بۆماوەییە و هەندێکیشی وەرئەگیرێ لەڕێی فێربوونەوە.

## 2-5-2- تیۆری خەسڵەت لای (جۆردون ئەڵبۆرت):

مەبەستی سەرەکی (ئەڵبورت) جیاکردنەوەی ئەو خەسڵەتە گشتیانەیە کە لەلای خەڵکێکی زۆر هەیە و ئەو خەسڵەتانەش کە هاوبەشنین. وای بۆ دەچێت هەرکەسێک لە ئێمە ژمارەیەک خەسڵەتی تایبەتی بەخۆی هەیە و بە شێوەیەکی هەڕەمی پلەپلە جێگای خۆیان کردۆتەوە، واتە هەندێکیان لای ئەو کەسە زیاتر گرنگی خۆی هەیە و لەزۆربەی بارەکاندا دەردەکەوێت و کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەی خاوەنەکەی هەیە، کە پێی دەڵێت خەسڵەتە سەرەکییەکان. لەبەرانبەر ئەمەشدا کۆمەڵێک خەسڵەت و ڕەهەندی تر هەن کاریگەرییان کەمترە ئەمەشی ناوناوە خەسڵەتی لاوەکی. پاش هەوڵێکی زۆر (ئەلبۆرت) گەیشتە ئەوەی کە ژمارەیەکی کەم هەڵگری خەسڵەتی سەرەکین، ژمارەیان (3–10) خەسڵەتە و کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەیە، لەبەرانبەر ئەمەش ژمارەیەکی زۆر خەسڵەتی لاوەکی هەیە، کە بریتین لە جۆری وەڵامدانەوەی تاک بۆ ورووژێنەرەکانی دەوروبەری. (دزەیی:2015: 20).

## 2-5-3- تیۆری کەسێتی لای ڕیمۆند کاتڵ:

(کاتڵ) هەوڵی دا لەڕێی شیکردنەوەی فاکتەری، ژمارەیەک خاسییەتی کەم و زاڵ دەستنیشان بکات، بۆئەوەی کەسایەتی پێ لێکبداتەوە، پێشی وایە ئەدگارەکانی مرۆڤ ڕێژەیین و دابەشی سەر دوو بەشی دەکات:

### أ- تایبەتمەندییەکانی تاکەکەس:

ئەو تایبەتمەندییە دەگرێتەوە کە کەسێک لە کەسێکی تر جیادەکاتەوە.

### ب- تایبەتمەندییە هاوبەشەکان:

ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە کە لە هەموو کەسێکدا هەیە، کە هەمان بیروڕای (کلوکهن و موری و شیلدر)ی هەیە،(یونس: 2004: 246). ئاماژە بەوە دەکەن کەسایەتیەکان لە هەندێ ئەدگاردا هاوبەشن، وەک ئەوەی هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی بایەلۆجی و ئۆرگانییەوە لەیەکدەچن. بۆ نموونە هەموو دەست و قاچ و چاو و لووت و ...هتد هەیە، لە هەندێکیشدا جیان، وەک ئەوەی کەسەکان دوای پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوون، زۆر ڕەفتار و دابونەریت و بیرکردنەوە فێرئەبن، کە جیایان ئەکاتەوە لە کۆمەڵێکی. لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بایۆلۆجی و بۆماوەیی و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەوروبەری جیاواز.(قەرەچەتانی:2007: 343).

## 2-5-4- تیۆری بوار لای لیڤین – Field Theory :

تیۆرەکەی (لیڤین) بریتییە لە کۆمەڵێک لە پێکهاتەکان و پەرەی پێدراوە، لە میانەی لێکۆڵینەوە ئەمبیریقی (الامبیریقی) بۆ وەسفکردنی دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەیان (جابر: 1986:470). (لیڤین ) جەخت لەسەر ڕەوشتی تاک دەکات لە بواری کۆمەڵایەتی و پێی وایە ژیان چەمکێکی جێگیر نییە، بەڵکو چەمکێکی جولاوە و لە ئەنجامی گۆڕانکاری و شڵەژان لە ناخی تاک بەردەوام لە گۆڕاندایە. ئاماژەش بۆ هێز ئەکات کە پاڵنەری ڕەفتارە. ڕەفتاری تاک دەرەنجامی هێزێکی پێویستە لە کاتێکی دیاریکراودا. ئەو ڕەفتارەی ئاراستەکراوە بۆ ئامانجێک، ئەوە بەهێزترین ئامانجی دروستە.(هەمان سەرچاوە:21). سنووری ڕەفتاریش درکپێکردنێکی تاکە بە دەوروبەرەکەی و پەیوەندی نێوانیان، ئەمەش لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ڕێگای جولانەوەیەک دەبێت، پێکهاتووە لە کارلێکردن و جێگۆڕکێی بەردەوام لە پێکهاتەکانی دوروبەر و ناخی تاکدا.(شکشک:2009: 44).

## 2-6- هەندێ لایەنەکانی کەسێتی:

کەسێتی چەمکێکە گرنگییەکی گەورەی لە دەروونزانیدا هەیە، گرنگییەکەشی بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە خاوەنی لایەنی تیۆری و پراکتیکیە پێکەوە. کەسێتی پێگەیەکی گرنگیی لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکاندا لەم سالآنەی دواییانەدا گرتووە، لێکۆڵینەوەی کەسێتی مرۆڤ بە قەد کۆنی مێژووی مرۆڤ کۆنە و هەبووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە سروشتی بایەخ بە ڕەگەزەکەی خۆی ئەدا، سەیری دەم و چاوی کەسانی تر ئەکا، لە دەربڕین و هەڵچوون و جووڵەی جۆراوجۆر، هەروەها دیاریکردنی ڕەفتار و تێڕوانینیان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا، مرۆڤیش هەڵئەسێت بە هەڵسەنگاندنی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە باسکران، پاشان بڕیارێک لەسەر ئەو کەسانەوە ئەدەن.(عبدالرحمن:1998: 121).

ساڵی 1930 بە سەرەتای پێشکەوتنی بایەخدانی دائەنرێت، چونکە کۆمەڵێک زانیاری بایەخ بەو چەمکە ئەدەن نەک هەر دەروونزانی لەوانەش ( دەرونزانی و کۆمەڵناسی و پزیشکی و چەندین زانستی تریش). لەبەرئەوەی زانستی جۆراوجۆر بایەخی پێداوە، بێگومان پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازیشی بۆکراوە، بۆیە لەبەر زۆری لێکۆڵینەوە و پێناسەکان و مەودای کەمی توێژینەوەکەمان هەوڵدەین بە پوختی چەند پێناسە وەربگرین و ڕوونی بکەینەوە..

## 2-7- پێناسەی کەسێتی :

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ کەسایەتی و سیماکان یان خەسڵەتەکانی کەسێتی کراوە، کەلێرەدا چەن پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

(سیگمۆند فرۆید) لە ڕێگەی کۆئەندامی تایبەتی دەروونییەوە پێناسە دەکات، کە سێ لایەن لەخۆئەگرێت (ئەو و من و منی باڵا) ئەگەر ئەم سێ لایەنە تەبایی و گونجان لە نێواندا هەبێت، ئەوا کەسەکە ئەتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، پێچوانەش کەسایەتیەکی لاواز دێنێتەکایەوە.(قەرەچەتانی:2007: 301).

(جۆن واتسون) لە ڕوانگەی پێوەرە دەرەکییەکان لێکیداوەتەوە و بەوە پێناسەی دەکات، کە ئەو چالاکییەی مرۆڤە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا بزانرێت.( الزق: 2006: 282).

(ڕایمۆند کاتڵ) پێی وایە، کەسایەتی ئەو سیستەمەیە کە ڕێگە دەدات پێشبینی ئەو چالاکییانە بکرێت، کە مرۆڤ لە باردۆخی تایبەتی و دیاریکراودا بە ئاکامی دەگەیەنێت.(منصور: 1978: 335).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

(جۆردن ئەڵبۆرت) لەڕووی پێکهاتنی ناوەوە پێناسەی دەکات بەوەی کە ڕێکخراوێکی داینامیکی ناوەوەی مرۆڤە، کە ئەرکی ڕێکخستنی لایەنی دەروونی و جەستەیی مرۆڤ دەبینێت و تایبەتمەندی ڕەوشت و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەردەخات.(المليجي: 2000: 402).

(بەپێی ئەم پێناسانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە کەسایەتی بەپێی کۆمەڵێک بنەما و فاکتەر دێتە کایەوە و بە پێی بارودۆخ و دەوروبەریش لە گۆڕاندائەبێت. ئەدگارێکی کەسییە و لە ڕێی حەز و ئامانج و خولیاو هەڵچوونەکانی مرۆڤ و ئەدگارە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست ئەبێت و کەسێک لە کەسێکی تر جیائەکاتەوە.ئەکرێت بوترێت بەرنامەیەکی تەواوە لە خولیاکان و بەشێوەیەکی لە شێوەکان جێگیرە و شێوازێکی گونجاو لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بۆخۆی هەڵدەبژێرێت.

## 2-8-زمان و خاسیەتەکانی کەسایەتی

زمان ڕۆڵێکی دووانەیی بۆ کۆمەڵگەو تاک دەبینێت، بەنسبەت کۆمەڵگاوە هۆکارێکە بۆ ڕووپۆش کردنی تاک بە ڕووپۆشی کۆمەڵایەتی، وە گەیاندنی بە تاکەکانی و بەستنەوەی بە کلتور، هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە دەوروبەری، بۆبەدەست هێنانی پێویستیەکانی، وە دەربڕینی هەستەکانی، هەروەها هۆکاری فێربوون و کاریگەری خستنەسەر بیرو ئاڕاستەی کەسانی ترە. وەهەر زمانێک سیستمێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەبەرهەم هێنانی دەنگ  لە پارچەو وشەکاندا، وەڕێکخستن و ڕستەو دەستەواژەکان لەناو ئەم وشانەدا، بۆ ئەوەی هەڵگری ئەو مانایە بێت کە قسەکەر یاخود نوسەر هەوڵی گواستنەوەی دەدات لەشێوەی نامەی دەنگی ئاماژەیی، دەگات بە کەسی گوێگر یاخود خوێنەر بەپێی سیستمێکی زمانەوانی هێمایی، وە بەپێی توانای لە شی کردنەوەو ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن، بۆ ئەوەی کاریگەریەکی دیاری کراوی لا بەرهەم بێت بەپێی ئەو ئاماژەو واتایەی پەیامەکە یاخود نامەکە لەخۆی گرتووە. ئەو نامە دەنگیە کەچەندان ماناو ئاماژەی لەخۆی گرتووە لە بنەڕەتدا گوزارشت لە هەست و سۆزی قسەکەر دەکات، کە کەلەڕێگەی قسەکانیەوە هەوڵی گەیاندنی بیر یاخود بۆچوونێکی دیاری کراو دەدات بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی دەربڕین یاخود ایحائات وەک ڕەوان بێژی لەدەربڕین یاخود قسەکردن وە نەرم و نیانی لەکاتی گفتوگۆو گوێ گرتن، وەئەم سیفاتانەش بەشێکن لە خەسڵەتەکانی کەسایەتی تاک(الحلو، والعكروتي: 2004: 123).

## 2-9-ڕەنگدانەوەی کەسایەتی لەسەر زمان:

بێگومان کەسایەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان ئەبێت، ئەمەش خۆی لە چەند خاڵێک ئەبینێتەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## 2-9-1- واتاسازی ڕەفتاری:

زمان و کەسایەتی دەمانباتەوە سەر واتاسازی ڕەفتاری، کە باس لە ڕەهەند و بنەما ڕەفتارییەکان دەکات، بۆ دەرخستنی واتای یەکە زمانییەکان.(عبدالجلیل:2006: 164)، پەیوەندی بەتین لە نێوان زمان و دەروونی مرۆڤدا هەیە و بەڵگەش هاتنەکایەی زمانەوانی دەروونی و واتای دەروونییە.(دزەیی:2015: 95).

## 2-9-2- زمان و کەسایەتی:

یەکێک لە ئەرکەکانی زمان ئەرکی کەسایەتی و ویژدانییە، کە تاک لە ڕێگای زمانەکەیەوە هەست و سۆز و بیروباوەڕ و هەڵچووون و ئارەزووی تێدا ڕەنگدەداتەوە بە جۆرێک دەبێتە ناسنامەیەک بۆ تاک.(هەمان سەرچاوە: 96).بۆیە دەتوانین بڵێین کە (کات) و (جۆر) بە کۆمەڵبوونی زمان دوو جەمسەرن کە پەیوەندی نێوان زمان و تاک ڕووندەکەنەوە، زمان ناسنامەی تاک و کۆمەڵە و زمانیش لە فۆرم و واتا پێکدێت.(عبدالجلیل:2006: 164).

## 2-9-3- دەستنیشانکردنی کەسایەتی لە ڕێگای زمان:

بۆ ئەوەی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە دەستنیشان بکرێت، ئەکرێت پشت بەچەند خاڵێک ببەسترێت، لەوانەش: (بەکارهێنانی وشە، ڕێکخستنی ڕستە و گوتن، شێوازی قسەکردن...هتد) ئەمانەش تایبەتن بە واتا دەربڕاوەکان بە زمانی قسەکردن، جگە لەمانەش (ئاوازی دەنگ، شێوەی هەڵسوکەوتەکان، باری دەموچاو...هتد)، ئەمانەش تایبەتن بە واتا دەربڕاوەکان بە زمانی جەستە.

## 2-9-4- نیشانە ئاماژەییەکان:

بریتین لە: (سەر، دەست، لووت، چاو، پرچ...) کە هەر یەکەیان لە جووڵە یان بارێک لە بارەکان یان گۆڕینی ڕەنگەکانی یا هەر شتێکی تر، دەربڕین لە کارێک یان واتایەک ئەکات. بۆ نموونە سووربوونەوەی لووت هەوڵدانە بۆ درۆکردن، چونکە پڕخوێن ئەبێ. یان جووڵاندنەوەی سەر بە مەبەستی بەڵێ و نەخێر و ...هتد.

## 2-10- تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی:

هەموو پێکهاتەیەک، یا سیستەمێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، کە جیای ئەکاتەوە لەوانی تر، ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە جیاوازی هەیە، کەسێتیش وایە، هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە جیای ئەکاتەوە لە چەمکەکانی تر، لەوانەش:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

1. گریمانەیی: کەسێتی پێکهاتەیەکی گریمانەییە، ئەکرێت لەڕێی ئەو ڕەفتارەی دەری ئەبڕێت، یا هەیەتی، تێبینی و پێوانە بکرێت.
2. تاکایەتی: کەسێتی خاوەنی تایبەتمەندی تاکایەتییە، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە.
3. تەواوکاری- کامڵبوون: کەسێتی سیستەمێکی تەواوکارییە(کامڵە) لە لایەنەکانی جەستە و زانیاری و هەڵچوونی تاک.
4. دینامیکی-جووڵەیی: کەسێتی بەرهەمی پەیوەندییە جوڵاوەکانە نەک جێگیرەکان لە نێوان تاک لە لایەک و لە نێوان ژینگەی ڕۆشنبیری لەلایەکی تر.
5. ئامادەباشی بۆ ڕەفتار: کەسێتی ڕێکخستنێکی جێگیری جۆری دیاریکراوی ڕەفتارە.
6. کات: کەسێتی پەیوەندە بە کاتەوە، کە خاوەنی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە.(فوزی:2003: 121).

هەروەها لە دروستبوونی کەسێتی کۆمەڵێک هۆکار هەن، کە یارمەتی ئەو پێکهاتنە ئەدەن، لەوانەش: (بۆماوەیی، پێگەیشتن، بنەماکانی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی قۆناغی منداڵێتی، فێربوونی گشت ئەزموونە ژینگەییەکان. وەک چۆنێتی مامەڵەکردن بەرانبەر ئەو هەڵوێست و بارە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆسەی درپێکردنی هەڵوێستی ژینگەییەکانی دەوروبەری، داب و نەریت و کەلتوور – واتە – ڕۆشنبیری کۆمەڵگە).

## - ئەنجامەکان :

1. خەسڵەت یان ئەدگار لە ئاکامی هۆکاری بۆماوەیی یان وەرگرتنەوە وەردەگیرێت.

2. وەرگرتنی زمان و فێربوونی و بەکارهێنانی بە پلەیەکی زۆر خەسڵەتی کەسیی تاک دیاری ئەکات.

3. پەیوەندی بەتین لە نێوان زمان و دەروونی مرۆڤدا هەیە و بەڵگەش هاتنەکایەی زمانەوانی دەروونی و واتای دەروونییە.

4. زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و یەکێ لە ئەرکەکانی زمانیش دەربڕینی بیرە.

5. کەسایەتیەکان لە هەندێ ئەدگاردا هاوبەشن، وەک ئەوەی هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی بایەلۆجی و ئۆرگانییەوە لەیەکدەچن.

6. خەسڵەتی سەرەکی و لاوەکی هەیە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا، خەسڵەتی سەرەکی کاریگەری زۆری لەسەر بیرکردنەوەی خاوەنەکەی هەیە. خەسڵەتی لاوەکی کاریگەرییان کەمترە ئەمەشی ناوناوە خەسڵەتی لاوەکی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper17 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

7. خەسڵەت تاک لەوانی تر جیائەکاتەوە، لەبەرئەوەی هەرکەسێک خەسڵەت و سیمای تایبەتی خۆی هەیە. خەسڵەت و سیماکانیش بەپێی تێپەڕبونی کات لەهەر تاکێکدا جێگیر ئەبن، سەرەڕای ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، و کاریگەری لەسەر ڕەفتاریشیان ئەبێت.

8. کەسایەتی بەهێز و تەندروست بەهەمان ڕۆڵی زمان لەسەر خەسڵەتی تاک، کاریگەری خۆی لەسەر پاراوی زمان و شێوازی گفتوگۆ و وتووێژ و قسەکردن ئەبێت، پێچوانەش ڕاستە.

9. زمانەوانی دەروونی زمان وەک دیاردەیەکی کەسی سەیردەکات، چونکە مرۆڤ بەهۆی بارودۆخی دەروونی و ڕەوشتییەوە دیاریکراوە.

10. ژینگەی تەندروست کار ئەکاتە سەر پرۆسەی فێربوونی زمان و بنیاتنانی کەسێتی و بە دیهێنانی خەسڵەتی تاک زیاتر لەو ژینگانەی، کە بنەماکانی پرۆسەی فێربوونی زمان فەرامۆش ئەکەن.

11. ئەو کەسانەی کە خاوەنی ڕێژەیەکی بەرزی زیرەکین(جا هەر ئاست وجۆرێکی زیرەکی بێت) کاریگەری لەسەر وەرگرتنی کەسێتی و خەسڵەتی تایبەتیان ئەبێت، لە پاراوی قسەکردن و زمانپاراوی و سووکدەربڕینی وشەکان و دروستکردنی بیرۆکەی خێراو گونجاو.

## سەرچاوەکان:

### بە زمانی کوردی:

1- حوسێن، ڕێژنە مەعروف (2010)، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوتەوە)، زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان، هەولێر.

2- هەڵەدنی، ژیلوان عبدالله(2010)، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (یاد)، سلێمانی.

3- قادر، سەباح ڕەشید و حسێن، ڕێژنە معروف (2016)، زمانی ناوباریگای تۆپی پێ، گۆڤاری (زانکۆی ڕاپەڕین)، بەرگی (3)، ژمارە(7)، ڕانیە.

4- عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان (2008)، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوەتەوە)، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە- ئیبن ڕوشد.

٥- عزیز، عزەالدین أحمد(٢٠١٤)، بنەماکانی دەروونزانی گشتی، چاپی پێنجەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەلات- هەولێر.

٦- دزەیی، عبدولواحید موشیر(2014)، زمانەوانیی دەرونی، هەولێر.

٧- دزەیی، عبدولواحید موشیر(2015)، زمان و کەسایەتی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨- حەسەن، فەرهاد تۆفیق (2015)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

٩- تاهیر، فوئاد(2018)، هۆشیاری زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا.

١٠- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2007)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١- فەتاح، محەمەد مەعروف (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢- موقن، یدوالله (2006)، زمان، هزرو کلتور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(هەولێر).

## -بەزمانی عەرەبی:

1- فوزي، احمد امين (2003)، مبادئ علم النفس الرياضي(المفاهيم، النظريات)، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة.

2- الزق ، احمد يحيى (2006)، علم النفس، دار الوائل للطباعة والنشر، الاردن.

3- يونس، انتصار (1978)، السلوك الانساني، دار المعارف، القاهرة – مصر.

4- شكشك، انس (2009)، اسرار الشخصية وبناء الذات، دار الكتب العربية، بيروت.

5- قاسم، انسي (1998)، سيكولوجية اللغة، الطبعة الثانية، دار النهضة العربية، القاهرة.

6- جابر، (جابر عبدالحميد 1986)، نظريات الشخصية، دار النهضة العربية، مصر.

7- يوسف، جمعة سيد (1990)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، العدد(145)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

8- الضامن، حاتم صالح (1989)، علم اللغة، بغداد.

9- البهنساوي، حسام (1994)، لغة الطفل في دور مناهج البحث اللغوي الحديث، مكتبة الثقافة الديانية، القاهرة.

10- الحلو، حكمت و العكروتي، زريمق (2004)، مدخل إلى علم النفس، المكتب المصري للتوزيع، القاهرة.

11- المليجي، حلمي (2000)، علم النفس المعاصر، الطبعة الثامنة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت – لبنان.

12- عباس، رائد عبد الامير وكريم، ميثم صالح (2013)، السمات الشخصية لدى الرياضيين وغير الرياضيين، مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة بابل، العدد 10.

13- كباجة، صالح ابراهيم محمود (2011)، التوافق النفسي وعلاقته بالسمات الشخصية لدى الاطفال الصم بمحافظات قطاع غزة، رسالة ماجستير، كلية التربية، الجامعة الاسلامية – غزة.

١٤. صوان، فرج محمد(٢٠١٨)، علم اللغه النفسی، گبعه الاولی، عالم الاکادیمیا گرابلس، لیبیا.

١٥- فيصل، عباس (1994)، التحليل النفسي للشخصية، دار الفكر العربي، بيروت.

١٦- خلايلة، عبدالكريم و اللبابيدي، عفاف (1992)، تطر لغة الطفل، الطبعة الاولى، دار الفكر، عمان.

١٧- عبدالجليل، عبدالقادر (2006)، المعجم الوظيفي لمقاييس الادوات النحوية والصرفية، الطبعة الاولى، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

١٨- كفافي، علاءالدين (1994)، رعاية الطفل، دار (قباء) للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

١٩- طلعت منصور والاخرون(1978)، اسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٢٠- عبدالباري، ماهر شعبان (2011)، تعليم المفردات اللغوية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الطبعة الاولى، الاردن.

٢١- عبدالرحمن، محمد السيد (1998)، نظريات الشخصية، الطبعة الاولى، دار قباء للطباعة والنشر، القاهرة- مصر.

٢٢- السيد ، محمد توفيق واخرون(1970)، بحوث في علم النفس، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

٢٣- القذافي، محمد رمضان (1993)، الشخصية نظرياتها، واختباراتها، واساليب قياسها، منشورات الجامعة المفتوحة، دار الكتب الوطنية، بنغازى – ليبيا.

٢٤- السيد، محمود (1996)، اللغة تدريسا واكتسابا، الطبعة الاولى، دار الفيصل الثقافية، الرياض.

٢٥- الحمداني، موفق (2007)، علم النفس اللغة، طبعة الثانية، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان.

٢٦- العياش، منذر (2002)، الاسلوبية وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، المركز الانمائي الحضاري، بغداد.

٢٧- خرما، نايف و علي، حجاج (1988)، اللغات الاجنبية تعليمها وتعلمها، مجلة (عالم المعرفة)، العدد التاسع، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

٢٨- عبد الهادي، نبيل و الدراويش، حسين و صوالحة، .محمد ( 2007)، تطور اللغة عند الاطفال، الطبعة الاولى، الاهلية للنشر والتوزيع، الاردن – عمان.

٢٩- الشماع، نعيمة (1977)، الشخصية، معهد البحوث والدراسات الاستراتيجية،المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، القاهرة.

٣٠- العياصرة، وليد رفيق (2011)، التفكير واللغة، الطبعة الاولى، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن-عمان.

# ملخص البحث باللغة العربية

خصص هذا البحث لان تركز وتبين العلاقة بين اللغة والسمات الشخصية للفرد، وكذلك اكد على ان اللغة وسيلة من وسائل الاتصال الاجتماعي، وخاصة في التعبير عن الذات وفهم الاخرين، وللغة الدور الرئيسي في بناء شخصية الفرد، لانها وسيلة مهمة للبناء المعرفي والعقلي و الانفعالي للفرد.

هذا البحث يبحث في الدور الذي يلعبه اللغة في بناء وتكوين و تحديد السمات الشخصية للفرد، كذلك التطرق الى العوامل والنظريات التي تفسر اكتساب اللغة لدى الفرد، وعلاقة اللغة بالجانب النفسي، لان هناك علاقة قوية بين علم اللغة وعلم النفس اللغوي، وفي جانب اخر ارتأيت ان اتطرق الى بعض الجوانب المتعلقة بالسمات و الشخصية ونظرياتها و خصائصها، لهذا قسمت البحث الى فصلين:

الفصل الاول: خصص للجوانب اللغوية المختلفة المتعلقة بالجانب التكويني للشخصية الفرد ...

الفصل الثاني: خصص لجوانب السمات والشخصية و والنظريات والامور المختلفة المتعلقة بها.

وتم في نهاية البحث اشارة الى النتائج التي تم التوصل اليها.

الكلمات الدالة: اللغة، السمات، الشخصية.

## Abstract

Research was devoted to focus and show the relationship between language and personality traits of the individual, as well as stressed that the means of social communication, especially in the expression of self and understanding of others, and language has the main role in building the personality of the individual, because it An important means of cognitive, mental and emotional construction of the individual.

This research examines the role played by language in building, forming and defining the personality traits of the individual, as well as to address the factors and theories that explain the acquisition of language in the individual, and the relationship of language with the psychological aspect, because there is a strong relationship between linguistics and linguistic psychology, and in another aspect I felt that Turning to some aspects related to traits and personality, theories and characteristics, for this divided the research into two chapters:

Chapter One:
Dedicated to the various linguistic aspects related to the formative aspect of the individual personality.
Chapter II:
Dedicated to aspects of traits and personality and theories and various things related to them.
At the end of the research, reference was made to the findings.

**Keywords**: language, traits, personality.